# هەریەکێک سوێندێکی درۆ بخوات لەسەر ئەم مینبەرەی من، ئەگەر لەسەر سیواکێکی سەوزیش بێت؛ ئەوا بە دڵنیاییەوە شوێنێکی بۆ خۆی داناوە لە دۆزەخدا

لە جابری کوڕی عبداللەوە کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەریەکێک سوێندێکی درۆ بخوات لەسەر ئەم مینبەرەی من، ئەگەر لەسەر سیواکێکی سەوزیش (تەڕیش) بێت؛ ئەوا بە دڵنیاییەوە شوێنێکی بۆ خۆی داناوە لە دۆزەخدا -یان بە دڵنیاییەوە دەچێتە دۆزەخەوە-».

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە - مالیك گێڕاویەتیەوە]

لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- گەورەیی تاوانی ئەو کەسە ڕوونەدەکاتەوە کە سوێندی درۆ دەخوات لەسەر مینبەرەکەی کە لە نێو مزگەوتەکەیدایە، ئەگەرچیش ئەم سوێند خواردنە درۆیە لەسەر شتێکی کەم بێت، چونکە ئەمە شوێنێکە ئاماژەیە بۆ ڕێزگرتن و بەمەزندانانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، وشوێنی بیرهێنانەوەی ئەو شتانەیە کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەیفەرموو لەسەر ئەم مینبەرە، ئەو کەسەی سوێند بە درۆوە دەخوات لەم شوێنە بە پێچەوانەی ئەم وەسفانە هەڵسوکەوتی کردووە، بۆیە شایستەی ئەم هەڕەشەیە، وسوێندی درۆ هۆکارە بۆ سزا وتوڕەیی خوای گەورە بەڵام ئەگەر لە شوێنێکی ڕێزداردا بێت وەکو سەر ئەم مینبەرە بێگومان تاوانێکی گەورەترە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/64698

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee